# فەرمانکرا بە بیلال کە بانگ بە جووت بڵێت، بەڵام قامەت بە تاک بڵێت

لە ئەنەسەی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «فەرمانکرا بە بیلال کە بانگ بە جووت* بڵێت، بەڵام قامەت بە تاک بڵێت». *(جووت بڵێت: مەبەست ئەوەیە هەموو ڕستەکانی ناو بانگ بە جووت بڵێت، وبۆ قامەت هەموو ڕستەکان بە تاک دەخوێنێت جگە لە چەند ڕستەیەک نەبێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە بیلال کە ڕستەکانی نێو بانگدان بە جووت بڵێت چونکە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئامادەنەبووەکانە، جگە لە تەکبیر کردن -ووتنی: الله أكبر- نەبێت کە دەبێت چوار جار بیڵێت، وهەروەها ڕستەی تەوحید (لا إله إلا الله) یەکجار دەڵێت لە کۆتایی بانگەدا، جگە لەمانە هەموو ڕستەکانی تر بە جووت دەڵێت، هەروەها فەرمانیکرد بە بیلال کە ڕستەکانی نێو قامەت کردن بە تاک بڵێت، چونکە ئەمە بۆ ئاگادار کردنەوەی ئامادە بووەکانە، جگە لە تەکبیر کردن نەبێت و ڕستەی (قد قامت الصلاة) نەبێت؛ ئەم دووانە بە جووت دەڵێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3307

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee